نغرۆی هەڕێمی هەشتەم

سەعید سلێمانی
(تاران)

... ئەوسا حەوت سالّی ڕەبەق، حەوت سالّ بەردەوام و بێ هیچ چاوەڕوانییەک کاغەز بنێری کاغەز، کە ئەویش لەو کاغەزانەی کە هەندێک جار خۆشت هەر نازانی کە هەلّگری کام پەیامە پڕ پەژارەن، هەر ئەوەندە دەزانی کە خۆشترین و ناسکترین و دلّڕفێنترین و دیسان دۆزەخیترین و پڕئازارترین و ڕەنجاویترین وتەکانی تێدا قەتیسن قەتیس، لەو وتانەی کە هەندێک جار لە تەنیاییدا دەیانڕاوێنێ لەبەرخۆیەوە کێژۆلّەیەک، یان لە ئێوارەیەکی تەزی زستاندا، ئێوارەیەکی تەز و شەختە، ساردتر لە خوێنە سارد و دلّە سەهۆلّبەندانەکەی تۆ، لە کەناری ئاوی شەختەبەستووی بەنداوی تەریکی پەنای شارێکدا، بۆ خۆیانی زەمزەمە دەکات زەمزەمە... ئەمەیە کە عەشق هەر دۆزەخە و دۆزەخە و دۆزەخ، ئاگرە و ئاگرە و دیسان هەر ئاگر... بەڵام تۆ گڕکانی کردووە گڕکان بێ خەیاڵیت، چونکە باوەڕ ناکەیت و ناکەیت و ناکەیت...

حەوت سالّی ڕەبەق بە زمانێک بدوێیت کە هەر منداڵێک گەیشتە چوارەدە سالّان تەمەنی، بە سانایی تێدەگات چی دەدات مانای و شاگەشکە دەبێت بە بیستنی، بەڵام تۆ بە سەر چوارەدە سالّیدا بازت داوە چما، یان پەڕیوەوە بە پردێکی نەفرەتیدا لێی، نەفرەتێک کە تەنیا یەک جار دەکەوێتە جەرگە و بەستێنی ئەو سالّانە و کە تەنیا یەک کەسیش هەستی پێ دەکات کە ئەویش دواجار من بم من، منێک کە دلّی خۆمم بۆ نووسیویەوە و ڕوحی خۆمم بۆ حەوالّە کردووی حەوت سالّی ڕەبەق؛ بێ پچڕانەوە و پەیتا پەیتا!... چ خەفەت ئازن و دلّتەزێنترە لەوە کە حەوت سالّی ڕەبەق هەر حەوت شەوی حەوتوو کارت ببێتە حەواندنەوەی ساویلکانەی خۆت و ژماردنی حەوتەوانەکانی هەر حەوت ئاسمان... یەکە یەکەی ئەو سالّگارە شەوانەم لە بیرە لە بیر بێ هەلّبواردن کە وردبوونەوە بوو لە ئەفسانەی

حەوتەوانەی ئاسمان کارم، دواجاریش بیرکردنەوەیەکی جنوونیانە لە تۆ!... لە بیرتە بۆم خوێندیتەوە «خۆشەویستیت سەعاتێکی لە شەوورۆژ زیاد کردووە...» هەر بە ڕاست ئاخر سەعاتێکی لە شەوورۆژ زێدە کردبوو خۆشەویستیت، سەعاتی بیست و پێنجەمین، من لەو سەعاتەدا بیست و پێنج جار دەژیام و بیست و پێنج جار دەمردم و دیسان بیست و پێنج جار دەبووم بە تۆ و دەبووی بە من! ئەمە چ ئەفسوونێکی دڵبزوێن و چ نهێنییەکی نەفرەتی بوو کە بە سەر منیدا سەپاندبوو ئەم سەعاتەی تۆ؟! چ سیحرێکی زەمانە ئەمە کە ئاوا درێژ دەبێتەوە درێژ کە هەرگیز نەگاتە کۆتایی و وەها کورت دەبێتەوە کورت کە هەست بە تێپەڕینی ناکەیت هەرگیز و لە ناکاو دەبینیت کە تێپەڕیوە حەوت ساڵی ڕەبەق بێ ئەوەی بە خۆت زانیبێت و کەچی لەولاشەوە ئەوەندە پیر بوویت حەوت ساڵی ڕەبەق کە خەم و دڵتەنگی حەفتا ساڵت لە هەناوتا هەڵگرتووە... واااای... بە زمانی سادە دێمە گۆ، چ سیحرێکە عەشقی تۆ؟! تۆ خۆت چ سیحرێکیت کە ناکرێیتەوە هەرگیز؟! چ تەلیسمێکە ئەمە کە ئاوا ئاڵۆز بووە و تێک ئاڵاوە کە دۆزینەوەی هەوداکانی دەخایەنێت حەوت ساڵی ڕەبەق؟!... لەو حەوت ساڵەدا پەنا دەبەمە بەر هەموو ودمەکانی عەشق بە نیازی کرانەوەی کرداریک کە ناکرێتەوە هەرگیز...

دەڵێن باڵندەیەکی سیحرئامێزە تاوس، پەڕی تەواوی تاوسەکانی جیهانت بۆ دەخەمە ناو پەڕی کتێبێکتەوە بکرێیتەوە بەشکەم، لاپەڕەی هەموو شیعرەکانت بۆ گوڵ ئاژن و پەلکەڕێز دەکەم سیحرەکەت بەتاڵ بێتەوە بەشکەم!... چ پەژارەیەکی ناوەخت و چ سەرخۆشییەکی بەجێ بوویت کە سەرت هەڵدا لە ناکاو! چما بە شوێنتەوە هەڵوەدا گەڕیدەی شاران بووم حەوت ساڵی ڕەبەق تاکو دۆزیمیەوە، کێ دەیزانی بەڵام، کە دۆزینەوەت تەندراوە لە ناو ئەفسوونێکدا کە دەخایەنێ حەوت ساڵی ڕەبەق و ئاخریش هیچ! دەمێنیتەوە سەربەمۆر هەروا؛ بێ کرانەوە، بێ دەست لێدان، بێ زەفەر بردن!... چ خۆشە لە زیندووبوواندا کەسێکت خۆش بوێت و بچییە بەر باران لەگەڵیا، بەر مانگەشەو، یان کەنار و ڕۆخی ڕووبار و دەریا و گوێ لە هاژە و خورە و شەپۆلانی ئاو بگرن بە یەکەوە، مەخابن بەڵام! سەد حەیف کە دەبنە خەون و خەیاڵ و ختووڕە هەموویان و وەک باویلکەیەک دەفڕن سووک سووک!... من لە ساتێکدا تۆم دەکردە مانگەکەی ئاسمان و دەمبردیتە کەنار دەریا و دەبوونە خورە و هاژە و شەپۆلان وتەکانت بۆم، تۆ لە یەک چرکەدا هەر هەمووی ئەوانە بوویت و بگرە زێدەتر زۆر! ئەفسووس، بەڵام کە هێندە کورتەبەرن چرکەکان بەرگەی ئەوە ناگرن بتوێیتەوە تێیاندا و نەگەیتە چرکەیەک ئیتر کە لەودا خەونەکان ببنەوە بەرئاوەژوو... بەڵام کاتێ خەو نەزێتە چاوت خۆ ختووڕەی خەویش دووڕەدەستە تەنانەت، خەو نایە خوێ دێت، خوناوەی خوێ دەزێتە چاوت، فرمێسکیش نییە تکەی زووخاوی دڵە، هروژمی گۆڕەوشاری تەنیاییە دەچۆڕێ لێی وەخت و ناوەخت؛ «بانی چاوم باڕەشی خەم وا بە سەر کۆی گرتووە / خوێن بە خورِ لێی دادەچۆڕێ وەک تکەی وێرانە مااڵ»... ڕۆندک ڕێژ بووم، بە قەد تەواوی هەورەکانی هەر حەوت تەبەقی ئاسمان، بەنداوەکەی پەنای شارت لە بیرە خۆ، لە فرمێسکەکانی منەوە گۆمیلکەی بەستبوو، ئێستاش وا دەزانم هەورەکان قەتارەی ڕۆندکە بەفیرۆچووەکانی منن ڕێ دەگرنەوە لە دەریا و دەبنەوە هاڵاو و دەبەستن قەتارە... ئەوسا تۆ قەتارەی شیعرت بۆ ڕیز دەکردم کەچی؟! سرتەت شیعرت بۆ دەسرتاندم کەچی؟!... سرتەت ڕاوێژی ڕێژنە باران بوو لەگەڵ ڕووبار، کاتی هاژە، دەمی خورین، شنەشنی کۆاڵرە بوو لە تەک شنە، کاتی هەڵدان، ساتی فڕین کە ساتی فڕینی من بوو، باڵم دەگرت، سەرخۆش دەبووم تاکو حەفتا ساڵ، کە قەت نەهاتبامایەوە حاڵ بریا... هاوبێژت بووم هاوبێژ، هاوبێژی هەموو وشە و وتە و ورتە و سرتەیەکت، چی هەبوو لەگەڵتا نەیچپێنم؟! من کە هاوچێژی هەموو چپە و چرپەیەکت بووم، من کە دەنگبێژی هەموو دەمژمێرێکت بووم، هاوچڕی دڵتەنگی و هاوچڕی بێ دەنگی و هاوچڕی چرکەی موچڕک ئامێز... خۆ خەڵوەت و خەیاڵگەی هەموو پیاوانی دنیام کۆ کردبۆوە لە تۆدا من، لە لەرینەوەی بەستەیەکتدا، کاتی چرینت لە بەستێنی دەموئێوارەدا... ئەو ئێوارانە خەیاڵگەم ئاوسی هیچ خەمێکی ناوەخت نەبوو، پاییز بوو، بەڵام خەزانێکی خەم ئەنگێز نەبوو، ئەوەی زەینم دەئەنگوت پێی، تیرێژێکی زەردەپەڕ بوو، یان گەڵای هەڵوەریوی سووڕەچناریک!... لە بیرتە ئێواران دەچووینە ناو ساباتەکەی باخەکەی زانکۆ و پێمان دەگوت: کۆشکی

بچووک!... تێپەڕین ئێوارەکان، ئەو پاییزە گوزەری کرد و زستان گەیشتە جێ بە لەز، دواتر بەفرەکان بارین و ون بوو ئەو کۆشکە خنجیلانەیە، ئیتر تۆش ون بووی، ئیتر منیش ون بووم، خەمئەنگێزە نا؟!... کە ئەوسا کۆشکێک دروست بکەی لە خەیاڵدا سەری بگاتە بن میچی هەر حەوت تەبەقی ئاسمان و خودا، کەچی لێرانە؛ لەرزۆک، ڕوخەک و بەموبەند!... ئەوسا دیسان هەر کاغەز بنووسی کاغەز، لە ڕەنگی بن باڵی کۆچەری سپی ڕەنگ، کاغەز لە ڕەنگی دەندوکی کەوی تازە گەڕاوەی دەمەو بەهار و دەمەی سیاسووت، کاتی کاتانێک بەفراوی کوێستان دەبێتە خوناوکە... کاغەز بنووسی بۆ یار بۆ یار بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە، هەموو ناوونیشانێک ون بکەی جا، دوعا بکەی دوعا دابەزێت ئاسمان، دابەزێت هەور، دابەزێت قەتارەی قازوقوڵینگی دووڕە سەفەر... جا کاغەز بسپێڕی پێیان و بنووسی بۆی: «کاغەز دەنووسم بۆ یارم بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە / دەنگی قوڵینگان دێن لە هەوای...»، بەڵام کاتی کاتانی کوێستان نەبوو کوێستانچی بێنەوە، زستان بوو زستان... ئاوها بوو ئیتر!

لە چیاوە هاتبووی، بۆنی کەو و جاترەکێوی و بەفرت لێ دەهات... لە کتێبخانەکەی زانکۆ بەرچاوم کەوتی یەکەم جار، ئێستا ئیتر سەردانی هیچ کتێبخانەیەک ناکەم، بە لاشیاندا تێناپەڕم تەنانەت... کێوی بووی، دەستەمۆ نەدەکرای، سرک بووی، سڵەت دەکرد ئاسک ئاسا، سمۆرەخوو... ئەوسا من هەر بە شوێنتا هەناسەبڕکەم بوو، سەرگەردان و سەرشێواو و سەرتەزبو... سرک بووی سرک، بازرەقەهاوێژ، نەدەگیرای بە کەمەندی شار و زانکۆ و کتێبخانە و شیعر... هەمیشە لە خەیاڵمدا کەڵەکێوییەکی کۆڵەوار بووی ڕاوەدوویان نابووی پێدەشت بە پێدەشت، ڕەوەزاوڕەوەز، نەگیرابووی، بەڵام گیرسابوویەوە لەبەر دەمی مندا دواجار، کەچی هەر سێبەر بووی بۆ منیش سێبەر، تارمایی بووی، تاپۆ بووی، وەک لووسە ماسی جێگیر نەدەبووی لە لەپی دەستا و لە توێی دڵدا، بە سوێسکەیەک ڕادەپسکای بروسکەئاسا، ئەوسا ئیتر دوور دەکەوتیەوە دوور، دووری دوور! ... چ دەمەوعەسرانێک کە بە نیازی دیتنت هەموو باخ و سابات و ڕاڕەو و بیناکانی زانکۆم دەنا ژێر پێ... دوای عەسرانە گەشتێک و نەدیتنی تۆ ئێواران، دەگەڕامەوە ژوورەکەمان، ماندوو و هیلاک، تەخت دەبووم لە سەر تەختەکەم بەرەودەم؛ کپ و بێ دەنگ و جووڵە، چما پەیکەرێکی بەردینی ڕاکشاو و زۆر جاریش هاودەم لەگەڵ هەنیسکێکی هەژێنەر کە شڵەژانی ئارامی هەرێمی ئۆقرە و بێ دەنگیم بوو، هەڵدەستامەوە دواتر چما پەیکەرێکی زیندوو، گوێم بۆ شیعرێک، مۆسیقایەک شل دەکرد، دەنگێک، چریکەیەک، زایەڵەیەک کە دەیتەکاند تۆزی تەنیاییم، یان ئەوسا قەڵەم بە دەست دەستم دەکردە یادداشت نووسین، هەر لەو کارانە کە کێژۆڵەیەک لە تەنیایی و دڵتەنگیدا دەیانکات جاروبار!... تەنیا بووم ئەوەندە هەندێک جار کە قوڕگم دەگیرا و ئەوسا دڵم، بە مست دەمدا لە مەمکی چەپم، دەترسام دڵم بوەستێ و ئیتر هەرگیز لێنەدا بۆ تۆ! ئەو ڕۆژانە دڵم بۆ تۆ ترپەی دەهات نەک بۆ خۆم! خوێنی دەگەڕاندە جەستەی تۆ نەک هی خۆم... دۆزەخ بوو دۆزەخ، دۆزەخ بوو ساتانێک کە دڵتەنگی دەگەیشتە دواترۆپکی خۆی و دۆزەخ بوو چرکەی گیرخواردنی چریکە لە گەروودا... نەتدەبیست، زەمزەمەی زامداری سکالا بێ دەنگەکانی من بوو، ئەو کاتەی کە گەروو شەقار شەقار دەکەن، کە ڕوح شەقار شەقار دەکەن و کە تەنیایيت دەبێتە ئەنجن ئەنجن و ئەو کات هێڵنج دەدەی هێڵنج، هێڵنجی خوێنێکی نادیار... خەیاڵت هەڵیدەدا و بە سەرمەوە سەوز دەبوو، ئەوسا ڕیشاژۆی دەکردە ناو ورکە دەمارەکان و کاسەی سەرم... کۆتایی بەهار بوو، کاتی مێڕۆژ، لە پارکەکەی زانکۆدا مێڕۆژم بۆ نایەوە، چەندە چریکاندم چما کەوی کورک نەکەوتوو، بەڵام دەپرینگایەوە لە شوولێ قەڵپەز و لە مەیلی ئەوین... دواهیوام جێژنی دەرچوونی کۆتایی ساڵ بوو، مەکۆیەک بۆ کۆبوونەوەی هەمووان، بەڵام کەرنەڤاڵی دەرچوون نەبوو، جێژنی دڵتەنگی بوو، چما ئاسمان دەمی کردبێتەوە، یان زەوی بردبێتی قەڵشت، ڕەش ڕاهاتبووی، چەشنی جنۆکەی فریشتەخوو... لە کۆتایی ئەو شەوەجێژنەدا، موعجیزانە، بەر چاوم هاتییەوە، چون تراویلکەی چۆڵەوانی، بەڵام وەک موعجیزەیەک، چما خودا لە ئاسمانەوە بۆی هەڵدابوومە خوار... پرینگایەوە، ترسابووی ترس، ڕوخسارت ڕەنگی سپی و پەمەیی جووتیارەیەکی گرتبوو هی کاتی پاییز درەنگان، یان ڕەنگاوی بەیبوون کاتی نەوڕەسی و چەقروزەیی و ئەوسا

من له بەندێ بووم تا کاتی کاتانێک ڕەنگ بە ڕوخسارتا دەگەڕێتەوە چما چۆڵگەیەک بژیەتەوە... لێ هەرگیز نەژیایەوە بۆم... نەمایەوە بۆم... ئاوها بووی ئیتر...!

له لام کۆچ هەمیشە چیرۆکی سەرهەڵگرتنی مانگ و ڕووبار و تۆ بوو، ناو بە ناو، لە پڕتاو، ڕەش ڕادەهاتی و مانگێک دواتر دەردەکەوتیتەوە لە زانکۆ، دیسان لە ناکاو! لە ڕەش ڕاهاتنی تۆوە ئاسمانیش ڕەش دادەگیرسا و هەرگیز دەرنەدەکەوت مانگ، خۆ خورەی خوڕینی ئاوی هیچ ڕووبارێکیش نەدەهاتە گوێ ئیتر، کۆچ کۆچی هەمووان بوو نەک کۆچی تۆ هەر تەنیا... بەڵام ئەم جارەیان من کۆچم کرد نەک خەیاڵت، لە کلکەی پاییزێکی درەنگ وەختا ڕۆیشتم و نەگەڕامەوە هەرگیز، بۆ هەمیشە خوێندنم بەجێ هێشت، نیوەچڵ و ناتەواو، نەگەڕامەوە تا بە دیار خوێن ساردیتەوە دابگیرسێم ئەوسا... شەوی پێش ڕۆیشتنم لە باڵکۆنی ژوورەکەمانەوە لە قاتی چوار، هەویستم خۆم هەڵدەمە خوار، تەنافی ڕایەڵ کراوی جلەکان گرتمیەوە، تا هەویستم خۆم ڕایی کەم کچەکانی هاوژوورم پێیان زانی و بردیانەوە سەر تەختەکەم، تا بەیانی بە دیارمەوە کێشکیان گرت و نەخەوتن، بەڵام خۆ منیش نەدەخەوتم هەر، خەو ئەگەر فریشتەیەک بوو، لە لای من باڵەکانی پەڕیبوون، ئیتر نەیمابوو توانی فڕینی، تۆ باڵەکانت قرتاندبوون بۆ هەمیشە!... بۆ بەیانی هەرچی دەرسودەور و وانە و خوێندنە وەک سواڵەتێکی شکاو هەڵمدا پشت سەرم بۆ ئاخرزەمان، بێ ئاوڕدانەوە!... ئاوڕدانەوە لە چی، لە چی بەڵام؟! ... دۆخێکی وەهات خوڵقاندبوو کە، یان من ڕۆیشتبامایە، یان تۆ دەبوایە، بەڵام تۆ نەتدەزانی کە بێیت و کە بڕۆیت و کە نەگەڕێیتەوە و کە هەرگیز نەگەڕێیتەوە، ئیتر من دەمامەوە و حوزووری ساردوسۆڵی تۆ، دەرکەوتەی ساردوسۆڵی داروبەرد و پارک و زانکۆ و خۆنوێنی ساردوسۆڵی ساڵ لە کلکەی پاییزێکی درەنگ وەختدا، ...ئەمە سەرپەڕی فەرامۆشییەکی درێژخایەن نەبوو، بەڵام تاراوگەیەکی خۆویست بوو و هەڵبژاردە، لە چەشنی زاهیدانی چل هەزارکێشی خانەقایەک، نەک تا چلە، تا تا حەوت ساڵ، تا تا ئەبەد!

هەر کە گەڕامەوە ماڵ، لەرزی تەواوی سەهۆڵبەندانەکانی دنیا لەو ساڵە خوێن ساردەدا هاتبوونە ناو ماڵ لەگەڵمدا... ئەم شارە دڵتەنگەی ئێمەش چما دواکەونجی دنیا بێت و خودا لە زەینی خۆی پاکی کردبێتەوە، یان هەر تەنیا لەسەر گەڵاڵەی گریان دایڕشتبێ، برژانگەکانی وەریبوون، دارەکان ڕووتابوونەوە، هەر تەنیا دەرکەوتەی چڵ و چێو بوو بە دەموچاوی شەقامەکانەوە دەردەکەوت، وەک دەمارە خوێنبەرەکانی پیرەڵۆکی دەستی بەسااڵداچوویەکی تەمەن تەواو، ئیتر کاتی کاتانی پیاسەوەختی دەمەوعەسران نەبوو ئیتر... ئەمە، هاتنەوەم، یان ڕاکردن لە دەست نیڵەنیڵ و گڕەپێچی هەستێکی گیانپڕووکێن نەبوو، ڕێکردن بوو بەرەو لێوارەکانی جەهەننەم... دەمویست ئیتر هیچ کات نەتبینم تا خەوی مەحشەر، تا نیرەنیڕی نەفخی سوور... کە گەڕامەوە هەربۆیەش، کلپە و کوڵ کەوتە گیان وەک دۆزەخ، لێ خۆویست، چما عەبدی گوناهکاری سزاویست... شەوان تا بەربەیان یەکێک لە کتێبەکانت بە دەستمەوە، لەم دیو پەنجەرەی ماڵەوە دادەنیشتم، لەودیو، یان کڕێوە و بەفر بوو یان سایەقەیەکی ڕەخنەکردوو تا ناخی تاریک و زبری ئێسقان... بۆ من چ فەرقی دەکرد جا ؟! جاری وا بوو، دەهاتمە حەوشە و وەک دەست لێوەشاوان دەکەوتمە سەر ڕاوێچکە، نە یەک سەعات، نە دوو سەعات، تا تا تەواوی سەعاتەکانی خودا... چەندە خولیا بوو ئەوە، ڕوحم بچێتە ڕوحی کەلوە بەفرێکی وێڵ و ئەوسا بەدەم بای زریانەوە لەم خۆڕئاوایەوە بکەومە سەما تا باڵکۆنی ژوورەکەت لە زانکۆ و ئەوسا بدەم لە شووشەی باڵکۆنەکە و بەوێوە، بە دیار وەنەوزەکانی تۆوە بتوێمەوە تکاوتک، چۆڕەچۆڕ بچۆڕێمە چۆمی خەونەکانتەوە و لەوێ وەک پەری لەمێژینەی ئاوەکان، موسافیری هەمیشەیی ڕووباری خەونەکانت بم من... لێ تۆ لەوە خەواڵووتر بووی خەون بە پەرییەکی کۆچەرییەوە ببینی... دواتر هەڵخوڵام هێند لە حەوشەی ماڵەوەدا هەموو بڕوایان هێنا کە ئیتر من تەواو... بە ڕاست ئیتر من تەواو... ئاوها بووم ئیتر...!

زستان ساتی ساتانی دڵتەنگی ساڵە، بارانی شەپۆر و بەفری شیوەنە بە پڕوشە و بە لێزم...، ئەویش لە شارێکی تەریکی دواکەونجی دنیادا، ئیتر شوێنێک شک نابەی جگە لە ئاوی زۆر جار شەختەبەستووی بەندەاوی پەنای شار کە وادەزانی ئەوە ڕوحی خۆتە کردوویەتی

بەستەڵەک، یان دڵتەنگیتە دەدا شەپۆل، چونکە دڵتەنگیت لەگەڵ ئاودا بەش دەکەی بەش، بەشێکی هەر بۆ خۆت دیسان، بەشێکیش با بڕوات، بۆ دەریا، بۆ دوور، بۆ دووری دوور... تا ئەژنۆت دەچێتە ناو ئاوەکە، بە نیازی ئەوەی خۆ بە هەناوی تاریک و شێداری ئاودا بکەی، بۆ قوواڵی قووڵایی، بۆ ئەو ژێرانە، ببیتە پەری دەریا و نەگەڕێیتەوە هەرگیز... سەرمای هەرچی ئاوەکانی دنیا دەزێتە هەناوت و ڕەنگاوی دڵتەنگیت دڵۆپ دڵۆپ بڵاو دەبێتەوە بە هەستی نەرمەڵۆکی ئاودا، دەترسی لێ، ڕاتدەچڵەکێنێ تەز و شەختە، پەشیمان دەبیبەوە لە هەرچی دوای دڵتەنگیت، هێند ڕەخنە دەکاتە ڕوحت سەرما کە تا حەوت سااڵ خاو نابێتەوە، ناتوێتەوە... بەاڵم ڕوحم داییسا هەر، چرایەک بوو بەشی حەوت سااڵ بەبڵێسە... لەو زستانەوە، لە لێواری ئاوی ئەو بەنداوەوە سااڵگاری وشە دەستی پێکرد، سااڵگاری ڕستەی بە بڵێسە و سااڵگاری کاغەزی دڵتەنگ... گەڕی خەیاڵت دەگەڕا بە گوێی ئاوەوە، تا حەوت سااڵ دڵتەنگییەکانم چپاندە شەپۆلی ئاو و تۆ نەتبیست، هەر ڕۆژ ئاو دڵتەنگییەکانی بۆ نووسیمەوە، ڕوحمی حینجە حینجە کرد، شەپۆل ژێیەکانی تەنیاییمی دەژەند، شەپۆڕی ئاو بوون شەپۆلەکان بۆ منیان دەگێڕا، ئەوسا دەبوونە کاغەزێک و هەموو کۆتایی حەوتوویەک دەکەوتنە ڕێ... بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەاڵمێک، ڕستەیەک، کاغەزێکی گیانبزوێن بی... کاغەز بنووسی و بنووسی تەنیا بۆ ئەوەی خۆت بدوێنی... شەوان ڕوو بکەیتە خانەقای ژنان بۆ زیکر و جەزبە و سەرهەڵسووڕان، حاڵت لێ بێ... بەاڵم جەزبەی پەروەردگار نەبوو حاڵی تۆ بوو، گەڕی خەیاڵت بوو دەیگەڕاندم بەو حاڵەوە، زیکری تۆ بوو دەیبەستمەوە بە زیکری خودا و ئارەقاوی گەرم دەبووم، لێ تۆ بێ ئاگا بووی لە ڕوحی کەسیرەم و ئەوسا... دیسان هەر کاغەز بنووسی کاغەز... بەاڵم چما پەڕی نامەکانت لە بادا بێن پەڕپەڕ، هەرگیز سۆراغێکت نەبوو، هەرگیز هەواڵێکت نەبوو...!

سەرەتا لەگەڵ هەر نامەیەکدا یەکێک لە کتێبەکانتم دەنارەدەوە، گۆڵئاژن و پەلکەڕێز... زۆر جار پەلکە گوڵەکان هەر بە شەونمەوە لەوێدا وشک دەبوون کە تکەی ئاونگی تەنیاییم بوون لە بەربەیان دوای سااڵگارە شەوێکی شەوبرین و شەونخوونی دەتکانە سەر پەڕی کاغەزێکی دڵبرین... بەاڵم تۆ ئەمانەت نەدەدین و هەرگیز نەتدین!... دواتر ناو بە ناو سەردانی کتێبخانەی گشتی شارم دەکرد، مەودای ماڵ و کتێبخانەم هەمیشە دەپێوا بە پیاسە، بەدەم ڕێوە، بێ ئاگا لە خۆم، دەکەوتمە وڕێنە و دوان لەگەڵ تۆدا، دەیان جار قاقا پێم پێکەنیون ڕێبواران ئینجا هاتوومەوە خۆم، بەاڵم من گوزەرابووم لەوە بە ڕووی دنیادا تەریق ببمەوە... شەوان، یان حاڵ و جەزبەی خانەقا بوو جێ و حاڵم، یان حەوشەی تەنگ و تەسکی ماڵی خۆمان و ژماردنی حەوتەوانەکانی هەر حەوت ئاسمان و گەڕان بە شوێن ئەستێرەکەی خۆمدا، لێ هەرگیز نەمدۆزیەوە، من ئەستێرەیەکم نەبوو... دەمەوعەسرانیش ملی لای بەنداوەکەی پەنای شارم دەگرتە بەر تا سەرەتای هەڵهاتنی تاریکی، لەو زستانی یەکەمینەدا چەندین جار خۆم بە ئاوەکەدا کرد، بەاڵم هەر کە دەگەیشتە ناوقەدم، سەرمای ڕوحتەزێنی ئاو هەترەشی دەبردم و خرمە و قرچەی ئێسقانەکانم دەتەقییەوە بە گیانمدا و ئەوسا نەک هەر گیانم، زەینیشم دەبیەست و توانای بیرکردنەوەم لێ دەبڕا، بە دیار ئاوەکەوە ئیتر، بە زەین و جەستەیەکی سەهۆڵینەوە، دەبوومە پەیکەرێک لە چلووڕە، لە چەشنی ئەوانەی دایاندەتاشن، یان تاپۆیەکی بەردین لە چەشنی ئەوانەی دەبن بە بەرد هەتا ئەبەد... تەز و شەختەی ئەو سااڵنە لە جومگەی قامکەکانی دەست و پێمدایە ئێستاش و لە دااڵنەکانی دڵمدا و لە ڕۆچنەکانی ڕوحمدا و بە سەر درزەکانی زەینمەوە هەر ماوەتەوە توانای سڕینی، ئیدی بە نێڵەنێڵی هیچ کوورەیەک دەرناچێت سۆزی ئێسقانشکێنی ئەو سەرمایە و هێور هێور لێم دەکاتە ڕۆماتیسمێکی کوشندە وادیارە... لەو ڕۆژگارە گوزەرییەدا، ئەگەر بایەکیش هەڵیدەکرد لە چارەڕەشی منەوە بوو، ئەگەر بەفرێکیش باریبا لە مەینەتبەشی منەوە بوو، دنیا چما گوزەکەڕێ، هەموو سوااڵتە شکاوەکانی ڕەنج بەخەساری و چەرمەسەری خۆی دەدا بە سەری مندا، لە سەری مندا دەشکانەوە دووبارە، دووبارە هەزار خاش دەبوونەوە، دەبوونەوە گڵ و قوڕی ڕۆژی ئەزەل!

هەر یەکێک لەو ئێوارانە چوومەوە لای بەنداوەکە، بای دەهات و شەپۆلی هەڵگرتبوو ئاوەکە، کەندڕی دەکردە ڕوح، شەپۆلی دەخستە ڕۆخ، شەپۆلی کەفچڕێنی

تەنیایی... ئاگرێکم کردەوە... ورشەورشی شەڕانگێزی ئاو و ورشەورشی شەڕانگێزی با لە تۆزەمەی زریان و ورشەورشی شەڕانگێزی ئاگر و ورشەی داهاتنی شەو... شەوێکی باراناوی، بەفراوی، مژاوی... لە نێوانی تەمومژدا چوومەوە سەر لێواری ئاوەکە، هەستم نەدەکرد بە تەز و شەختە، ڕووپۆشی شێدار گریان بوو لە بەرمدا، چۆغەڵەی تڵیساوی باران بوو لە بەرمدا، چون کوورەیەک داییسا دڵم، دڵم ترسێکی مژاوی گەڕایە، دڵەخورپەیەکی تەماوی کە تاریکیش تاریکییە و کە شاڵاو دێنێ بۆ چاو و ڕوح و زەین، کە هێشتاش کە هەر هێشتایە نەڕەویوەتەوە تەمەکەی... بەڵام بڕیارم دابوو وەها، کە هەرچی سەرما و شەختە و تەزە لە زەین و گیانم بزر ببێ... بۆ دواین جار سەرنجی ئاو و ئاگرم دا... بیرم کەوتەوە کە ئێستر تازە قەت نامەیەک نانووسمەوە بۆ تۆ، خەمئەنگێز بوو... زۆر! ئەوە کە ئینسان جارێکی تر تەنیایی خۆی نەخاتە تووێی کاغەزێکەوە دڵتەزێن و کوشندەیە! بەڵام من تێپەڕیبووم لەوانە، من حەوت هەرێمی تەنیاییم بڕیبوو و ئێستا ئیتر گەیشتبوومە لێواری هەرێمی هەشتەم، لێواری ئاو... ئینسان کە لە هەرێمی حەوتەمدا نەگیرسایەوە ئیتر ڕوحی حەواوەیە، بە بەستێنی ئاودا دەڕوا تا لەو ژێرانە ڕوحی دەچێتە بەرد، بەردی بان بەرد، بەردی دۆزەخ، تا تا ئەبەد تێی دەکەوێ کەندڕ، تا نەگەڕێتەوە تا تا ئەزەل!... باوەشم کردەوە بۆ ئاو، ئامێزی نەرمەڵۆکی ئاو لە ئامێزی تۆ بەخشندەتر بوو، هەموو جەستەم کەوتە دەستی بەرینی ئاو تاکو گەردن، چاوم قونجاند تا لە فەرامۆشی تۆدا فەرامۆش کرێم و بچمە فەرامۆشی ئەزەلی ئاوەوە... کە سەرماکەی هێند بەخشندە بوو بە پێدزە دەکەوتە وشیاری و زەینمەوە و دەیسپاردە دەست خەوێکی قوڵ، لەو خەوانەی کە پڕن لە خەونی خۆشی پاش حەوت هەرێمی تەنیایی... خەونی سەهۆڵ، خەونی قوڵ و درێژخایەنی زستان، زستانەخەون!... دەستی منت گرتبوو، ساباتێکی سەوزەڵانی چما دورگەی گچکەی ناو ئاوی مەند بە سەر ئاوەکەوە سەوز ببوو، تۆ سەرکەوتبووی و دەستی منت ڕادەکێشا، بەڵام پێم بە ئاوەکەوە لکابن چما، توانای سەرکەوتنم نەبوو، هەرچی تین و تەکانم دەدایە خۆم ئاو قاچەکانی تەنیبووم بە عەردەوە، ئەو ساباتە تەنیا هی تۆ بوو و بۆ من دوورەدەست... یادم کەوتەوە کە سالّەها پێشتر من ساباتەکەم ون کردبوو، بەفری زستان داپۆشیبوو و لەو ساتەوە هەرگیز ساباتێکم نەدیبوو من ئیتر، ئێستاش ساباتێک سووک سووک بە سەر سوێسکەی ئاوەوە سەر بە هەرێمی تۆ بوو و منیش لە لێواری ئەو هەرێمەدا وەستابوومەوە، توانای سەرکەوتنیم نەبوو، تەنیا دەمتوانی نغرۆ بم بە ناویدا، نغرۆی هەرێمی هەشتەم!... لە ئاو دەچەقیم قوولّتر، لەچکە و قژەکانم سەر ئاوەکە کەوتبوون، بە دەم لرفەی نەرمی ئاوەوە خرمەی هەنگاوی چەند ڕێبوارێک لە دوورەوە نزیکتر دەبۆوە... تۆ لەگەڵ ساباتەکەتدا بە سەر سوێسکەکانی ئاوەوە دوور دەکەوتنەوە دوور، چون پاپۆڕێک کە لە ئاسۆی ئاودا ون دەبێ، ئەوندە دوور کە هەرگیز دەستم پێت ڕانەگەیشت و وەک تاپۆیەکی تەماوی لە لم و لێڵی ئەو ئێوارە و سەرەتای شەوەدا بۆ هەمیشە ون بووی و ونم کردی ون... خرمەی هەنگاوەکان دیسان نزیکتر دەبۆوە... سەرم وەرسووڕاندەوە، لە لێواری ئاوەکە بە دەوری ئاگرەکەوە تاپۆیانم بەدی کرد، چەند کەسێک بوون، جامانە لە مل و سەر، بە چەک و فیشەکدانی ناوقەدەوە، دەتگوت لە قوولّایی مێژووەوە هەڵقوڵیبوون، یان لە تاقی ئاسمان کەوتبنە خوار، لە ناکاو و بە لەز... شڵێوە و پڕوشە دەیدا لە سەر و جلیان، لە تروسکانەوەی بڵێسەکانی ئاگرەکەوە زەرد و سوور دەیاننواند چون فریشتەکانی دەوری جەهەننەم کە هەر لە دوورەوە سەیری دۆزەخ دەکەن... وشیاریم هێوایش هێواش پەرشوبڵاو دەبوو و پێڵووەکانم قورستر... لە نێوان برژانگە لێک چڕژاوەکانمەوە دوادیمەنی دیار و نەدیاری بڵێسەکانم بەدی دەکرد؛ تارماییەکی زەرد و سوور و چەند تاپۆ بە دەورەوە، شایی و سەمای جنۆکانم بیر کەوتەوە بە دەوری ئاگر و گڕەشینکەوە، کە سالّەها پێشتر، زۆر پێشتر، بۆی دەگێڕامەوە دایکم، عەیامێک کە تێنەدەگەیشتم لە نهێنی کاغەز و لە سیحری وشەی بەبڵێسە... پێڵووەکانم تەپتر بوون و ئیتر ڕووناکایی تەواو، هەرێمی نوور و ڕووناکیم بەجێ دەهێشت... لە تەنکایی پێڵووەکانمەوە هەستم بە زەردایی ئاگر دەکرد دیسان... بەڵام ئیتر تەواو... تەواو... کە زەینم خاو بۆوە، بە سەر ئاگرەکەوە گرتبوویانم، قژم شۆڕ ببوونەوە تا سەر بلێسەکان، باراناو و بەفراو و زووخاو و گریاناویان لێ دەتکا... کە

چاوم کەوتە ڕوخساریان، نەخوازراو دامە پڕمەی گریان، قوڵپەی گریانێک کە لە تاریکاییەکی نووتەک و شەختەبەندەوە بە قاڵدرمەکانی زەینمدا سەردەکەوت و هەر کە تیشکێک دەئەنگوت لێی، حەوت پلیکانەی نسرمی وشیارمی جێ دەهێشت و دەتەقییەوە بروسکەئاسا... دووانیان هاتنە ژێر باڵم و لەو شڵێوە و بەفرتەکێنەدا ڕاکێشیان کردم بەرەو باخی دەم لێژایی داوێنی لێواری بەنداوەکە، ناو باخەکە کۆخیلکەیەکی تێدا بوو، پێشتر زۆر چووبوومە ژێر هەیوانی کۆخیلکەکە و زۆریەک لە کاغەزەکانم هەر لەوێدا نووسیبوو و نووسیبوو... بەڵام ئیتر، لێرەوە، تێپەڕیبوو سەردەمی کاغەز نووسین... لە ژێر هەیوانی کۆخیلکەکەدا، لە بەر دەرگاکە، ئاگریان کردەوە، دووانیان ڕوویان وەرگێڕا و ئەوانی دی جلەکانیان لە بەر دامالێم و لە کۆڵەپشتیەکانیان هەندێک جلی تریان هێنایە دەر و دایانپۆشیم... ددانەچۆقەم وێکەوتبوو؛ تاو و لەرزێکی بە لەز و تاو... جەستەم ڕەق ببوو وەکو دار و ڕوحیشم وەک بەرد، بەردی بان بەرد، بەردی دۆزەخ!... بە دەوری مەشخەڵانی ئاورەکەوە پشتم دابوو بە لادیواری دەرگای کۆخیلکەکەوە و ئەوانیش بە بن دیواری هەیوانەکەوە، لە پەنامەوە، خۆیان بۆ تین و تاوی ئاورەکە مەڵاس کردبوو... کزر بوومەوە، بە دەم وەنەوزەوە هەستم کرد لەم دواساتانەدا ئیتر، گرێژنەی تەنیاییم دەرچووە و ساتی گەڕانەوەیە ئەوسا... هەستام جلەکانم نیوەوشک کردەوە بەرم دووبارە و دام لە جەرگەی شڵێوە و پڕوشە... بەریان گرتم، خۆم ڕاپسکاند، دانەیەکیان چەک و کەلوپەلەکانی دایە ئەوانی دی و لەگەڵم ڕێ کەوت... لە باخەکە دەرچووین و لە جەرگەی تاریکی و شڵێوەدا بە لێواری ڕاوندی بەنداوەکەوە ڕێگای لای شارمان گرتە بەر... هەر کە خەرمانەی پڕوشەبەندی شەوی شار دەرکەوت هەموو شەوانی وەرزانی سالانی حەوشەمان بە پلیکانەکانی زەینمدا سەرکەوتن، حەوت قاڵدرمەی زەینمیان بەجێ هێشت تا گەیشتنە قاڵدرمەی هەشتەم، لەوێدا بوو بە ئاپۆرەی شەوان، لەو هەشتەمین پلیکانەی زەینەدا کە، یان هەیت، یان نیت... بەڵام من بووم، بووم!... لە کۆڵانەکانی شاردا تا بەردەمی حەوشەی مالی خۆمان باسکی گرتبووم تاکو لەتر نەدەم، کە خۆمان بە حەوشەی مالدا کرد خولیای ژماردنی حەوتەوانەکانی ئاسمان و گەڕان بە شوێن ئەستێرە بزرکەی خۆمدا کەوتەوە سەرم، لێ ئیتر درەنگ ببوو، من تازە هەرێمی حەوتەمم نابووە پشت سەر!

لەو هەرێمی حەوتەمەوە کە هەرێمی ئاسمان و ئاو و ئاگر و حەوتەوانە و بەرد و دۆزەخ و هێڵنج و خوێن و خەڵتان و ئێسقان و گریان و گرکان و ڕاواندن و زووخاو و دڵتەنگی و هەنیسک و وشە و کاغەزی بەبڵێسە و عەشق و تۆ و شەختە و تەز و زستان و زستان و زستان بوو، پەریبەکم بە دیاری هێنابوو، نەک پەری کاڵی هەرێمی دەریا، پەری ئەسمەری هەرێمی شاخ... ئەو پەریبە ڕوح سووکەی دەوری ئاگر و ئاوی ئەو کۆتایەمین ئێوارە شەوە، لەو زستانی حەوتەمینەدا، لەو زستانی کۆتاییەمینەدا... ئیدی تا کۆتایی ئەو زستانەش حەوت فریشتەی حەوت ئاسمان و دەستەخوشکی تەنیاییم بوو... دڵتەنگییەکانم لەگەڵ بەفری ڕێبەندان توانەوە ئیدی، لووزەویان بەست بە لێزمە بۆ زۆنگاوەکانی بیرەوەریت، بۆ هەمیشە!... ئەگەر وشەکانت بەردەوام بوونایە دۆڕاندبام دەبوایە، ئەگەر دۆڕاندبام گریابام دەبوایە، گریابام تا خەوی مەحشەر دەبوایە، تا نیرەنیڕی نەفخی سوور... دواتر کتێبەکانتم، یان سووتاندن، یان سپاردمنە دەم ئاوی بەنداو، یان حەوالەی کتێبخانەیەکی چەپەکی شارم کردن بۆ ئەبەد، کە نەپرژێمەوە سەریان تەنانەت، جاروبار تەنانەت... کە زستان تەواو بوو، هەر بە لێواری ڕاوندی ئەو بەنداوەدا بەرەو هەرێمی شاخ وەڕێ کەوتین، دوو بە دوو! ...دیوار و سەربانی کۆخیلکەی ناو باخەکە قەوزەی بەهاری تەنیبووی، ڕەنگاوی خۆڵەمێشی ئەو دواینین ئاگرە بە سەر زەویبەکەوە ڕەشاوی بەستبوو... کە من بیرم کەوتەوە لەگەڵ کوژانەوەی ئەو ئاگرەدا منیش دواینین فرمێسکەکانم وشک ببوونەوە و کۆتایەمین نزگەرەی گریانی ژیانم دابوو... پێیەکم خشاند بە سەر ڕەشاوی خۆڵەمێشەکەدا کە ڕەشاوی هەرێمی تۆ بوو، ڕەشاوی شەڕانگێزی ڕۆژ و شەوانێک کە تازە کەوتبوونە هەرێمی فەرامۆشی... لە باخەکەوە دەرکەوتین و ئیتر هەرگیز ئاوڕم نەدایەوە کۆخیلکەکە و ملی شاخمان گرتە بەر... ئاوها هاتە پێش ئیتر!

لەو چیا و شاخانە ئاسەواری هەرێمت سڕایەوە... تۆ خۆت دەزانی حەزمە بەو بارانەی بە سەر پیادەڕۆکانا

دەرژێت، هەمیشە! لێ ئەمە خوناوەی حوزوورت نییە چما چلپاوی بیرەوەریتە لەم چیا و شاخانەش، لە ناو ئەم جل و جامانە و چەک و تەق و ڕەوانەدا دەگرێ بەرۆکم... ئێستا ئیتر سەگی تەنیاییم نیم و سەگی تەنیاییت نیم، چ باکم نییە لە خلتاوی پەلۆخی یادی جارناجارت... بە ئاستەم دێنەوە یادم چما خەون، لەگەڵ شالاوەکانی زریان و پڕیشکە ترساوەکانی ئاوی بەنداو کە ترسێنەرن چما... هەموو گیانم نەفرەتە، بێزارم، بێزارم لە بوونت، لەوەی کە هەست بەوە دەکەم کە لە سەر ئەم زەوییە زیندوویت و کە ڕێ دەکەی، نەفرەت لەوەی کە بوونەوەرێک بە ناوی تۆ ئەم جیهانەی کردووە نەفرەتئاژن... جنوونیانە حەز دەکەم نەبیت، نەبیت لە سەر زەوی، بوونت پاک ببێتەوە، سەرت بە لەشتەوە نەبێت... حەز بە خوێنت دەکەم؛ جنوونیانە، چما خوێنخۆرترین بوونەوەری زەویم... حەز دەکەم مێشکت وەکو مێشک و قاپیلکەسەری ئەم سەربازانەی دوژمن بپژێنم و بلاو کەم لێک ، حەز دەکەم بە زاخێڕ و خەرەندێکدا هەڵتدێرم، زاخێڕ بە زاخێڕ، کەندڕ بە کەندڕ لاشەت ببێتە هەپروون و ببێتە پێخۆری سەگ و چەقەڵ و کەمتیاری برسی و کەڵبەدڕ و هیچ نەدیدە... هێندەم هەیە نەفرەت کە ئێستاش چما جاران کاتی کاتانی گڕکانم بچمەوە ڕۆخی بەنداو، بەمەوێ بەندی بەنداو هەڵتەکێنم هەڵتەکێنێ شارێک و تەنیا من بمێنم بە تەنیا کە تەنیا یادەوەری و خەیاڵگەی تۆ پاک بکاتەوە و ئاو هەموو شتێک بەرێ بۆ دوور، بۆ دووری دوور، بۆ دەریا و دورگە و مەحف کاتەوە هەر بیرەوەرییەک!... من لەو حەوت ساڵەدا تەنیا شتێک فێر بووم؛ تا کەسێکت خۆشتر بوێت ئازاری زۆرتر بۆت!... بەڵام تۆ حەوت ساڵ چ گوویەکت خوارد کە دواتر بتەوێ بیخۆی!... تۆ لەوە چەپەڵتری کە ناویشت بە خەیاڵمدا گوزەر بکات جارێکی دی... ئەوسا دیسان نەفرەت دەبارێ هێشتا ، نەفرەتی کۆن، نەفرەتی شەوانی شەونخوونی و نەفرەتی بێداری شەوپەڕان کاتێ دەئەنگوێ زەردە، زەردەی زەردەپەڕ نا زەردەی بەیانی، ئەو عەیامە کە زرنگەی زەنگی کاروانی خۆر دێت و لە شەوپەڕان پێی دەڵێن: کازێوە!... کە هیچ کازێوەیەک نەبوو لە ژێر وارشەی خەیاڵتدا نەسرەوم... لێ هەر وارشەی خەیاڵە، کۆن دەبێ کۆن، دەڕووخێ، یەکجێش نەبێ بەرداوبەرد، هەرەس دێنێ و دەڕووخێ، هەڵدەڕژێ و دەڕووخێ، ئەو کات کاتێکە ئیتر تۆ نامێنی هیچ کات... ئەو بیرەوەرییانە چڕژاون تێک، شەوگارێکی زۆر تێپەڕیون بە سەریدا، کۆن بووە، پۆڵکیوە، زەرد هەڵگەڕاون، هەڵوەریون، هەروەک ئەو کاغەزانەی بۆم نووسیوی لە بەستێنی ئەو حەوت ساڵەدا... ئیتر هیچ شتێک نایەتەوە یادم ئەگەریش بێت نامەوێ خۆم، ماندووم ماندوو... نە باکم بە خەیاڵتە، نە بە تەق و ڕەوی ناوبەناوی مەیدانی شەڕ و لینگێزە، هەرچی دەبێت با ببێت... من تازە نغرۆی هەرێمی هەشتەمم... چ باکم نییە... با قاپیلکەی سەرم هەڵتەکێ... با هەموان خەیاڵدان و نەفرەتم بخوێننەوە... با ئەمانە هەموو لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی حزبدا بلاو ببنەوە و لە سەریشییەوە بنووسن: نهێنی و یادداشتەکانی ناو کۆڵەپشتی گەریلایەکی شەهید!

زستانی ۸۷ ـ پاییزی ۹۰
(۲۰۰۹-۲۰۱۱)